**حوسنی مەحلی ڕۆژنامەنوسێکی چالاکە و لە بواری کارەکەیدا هەردوو زمانی عەرەبی و تورکی بەکار دەهێنێ. خەڵکی خوارووی کوردستان لە ڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندنی عەرەبەوە کەم تا زۆر ئاگایان لە هەڵوێستی ناوبراو بووە سەبارەت بە کورد کە بە شێوەیەکی گشتی خراپ نەبووە، بەڵام ماوەیەکە ئەمیش چووەتە ڕیزی ئەو ڕۆژنامەنوسانەی تورکەوە کە زەنگی مەترسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی و پتەوبوونی پەیوەندی کوردی-ئەمەریکی لێدەدەن.**

**کوردستان نێت**

---

# گەشتێک بە ڕۆژنامەکانی تورکیادا (١٠)

بەکــر شــوانی
bschwani@hotmail.com

### ڕۆژنامەی "یەنی شەفەق" ٢٠٠٣/٣/١٢
### بەر لەوەی ئەمەریکیەکان بێن

دکتۆر حوسنی مەحلی:

(هەموو ئەو هەواڵانەی لە باکوری عێراق و واشنتۆنەوە دێن، مرۆڤ دڵخۆش ناکەن. ئەمەریکیەکان لەگەڵ کوردەکانی عێراقدا ڕێکەوتون و بەڵێنی نوسراویان پێداون کە لە عێراقدا سیستەمێکی فیدراڵی دادەمەزرێنێ. ئەمەریکا هەروەها بەڵێنی بە کوردەکان داوە کە بوار نادات تورکمانەکان زۆر قسەڕۆیشتوو بن لەو سیستەمەدا. هەمان کات چاپەمەنی ئەمەریکا داوا دەکات ڕێگا بە سوپای تورک نەدرێت بچێتە باکوری عێراقەوە. بە پێی ئەوانە دەبێ ئەمەریکا هێزێکی زۆر لە باکوری عێراق مۆڵ بدات بۆ ئەوەی نەهێڵێ تورکیا دەست بەسەر هەرێمەکەدا بگرێ. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەندێ لە سەرچاوەکان دەڵێن کە سوپای تورک بێ یاداشتی دووەم ناتوانێ بچێتە باکوری عێراقەوە، واتە بە بۆچوونی ئەوان سوپای تورک تەنیا دەتوانێ لە چوارچێوەی نەخشەکانی ئەمەریکادا بچێتە هەرێمەکە. واتە ئەمەریکیەکان تا ئەو کاتەی بەرژەوەندی خۆیان پێویست بکات ڕێ لە سوپای تورک ناگرن. نارەزایش هەبێ، یەکسەر کوردەکان بەکار دێنێ. دوا خۆپیشاندان و هەڕەشەکانی باکوری عێراق نیشانەی ئەمەیە.)

---

## ڕۆژنامەی "ئەڤرەنسەل" ٢٠٠٣/٣/١١

## پاڵ بە تورکیاوە دەنرێ بۆ شەڕی عەرەب و کورد و گەلانی ئێران

**ئیحسان چارالان:**

(گومانی تێدا نیە کە ئێستا عێراق گەورەترین زۆنگاوی جیهانە و لێپرسراوانی تورکیاش لەگەڵ هەر هەنگاوێکیاندا هەم بەرەو ئەو زۆنگاوە دەخزێن و هەم لە بەرامبەر ئەمەریکا بێچارەتر دەبن. هەڵبەتە پروپاگەندەیەکی سەیر بەڕێوە دەبرێت بەمەبەستی ڕاکێشانی تورکیا بۆ ناو زۆنگاوەکە. دەوروبەرەکانی سەرمایەی ناوخۆیی و دەرەکی و ناوەندەکانی نەتەوەپەرستی شۆڤەن سەرەتا "خاڵی لاوازی" تورکیایان خوراند و ئەوەیان لە ڕای گشتیدا چەسپاند کە کوردەکانی باکوری عێراق دوژمنی تورکیان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە هەرێمەکە دەبێتە هۆی پارچەبوونی تورکیا. ناسیۆنالیستەکانی تورکیا و ناوەندەکانی سیاسەتی ڕەسمی ئەوە بە مەترسی نازانن کە ئەمەریکا دەست بەسەر نەوتی موسڵ و کەرکوکدا بگرێ، کەچی هەمان کات ڕادەگەیەنن کە ئەگەر ئەو نەوتە بکەوێتە دەستی کوردەکان، ئەوا بەلای تورکیاوە دەبێتە هۆی ڕاگەیاندنی شەڕ. کاتێکیش کوردەکان لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستە بێواتایەدا دەڵێن: "ئێمە لەدژی هاتنی سوپای تورکیاین"، ئەمەیان لەسەر دەکرێت بە گەورەترین تاوانی دنیا و بە ناپاک و بێوەفا و دوژمنی تورک ناودەبرێن. لەم دواییەدا ئەمەش بۆ ئەم هەڵمەتە زیادکراوە: "ئەگەر تورکیا لە باکوری عێراق نەبێ، ئەوا کوردەکان تورکمانەکان دەکوژن". بەڵام کەس وەڵامی ئەم پرسیارانە ناداتەوە:

- تورکیا مافی چارەنوسی کوردەکان بە "دوژمنایەتی" و "جوداخوازی" لە قەڵەم بدات، ئیدی کوردەکان بۆچی ناچار بن بە "دۆست"ی بزانن؟
- موسڵ-کەرکوک بکەوێتە دەستی ئەمەریکیەکان باشە، بەڵام ئەی بۆچی ئەگەر بکەوێتە دەستی کوردەکان، بەلای تورکیاوە مایەی ڕاگەیاندنی شەڕە؟
- کورد و تورکمان کە سەدان ساڵە پێکەوە دەژین و یەکیشیان نەکوشتووە، بۆچی ئێستا ئەگەر تورکیا لە باکوری عێراق نەبێ، ئەمان یەکتر دەکوژن؟ ئەگەر کار گەیشتۆتە ئەو ڕادەیە، کێ دەستی هەبووە لە نانەوەی ئاژاوەکەدا؟